گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI: https://doi.org/10.26750/ff3egh08

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 14/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 20/03/2026
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# پەروەردەی ئاکاریی لە هزری پەروەردەیی (بێرتراند ڕاسل)دا

**سەرکار حمەرشید سعید**[١] **نیان نامق صابر**[٢]
nian.sabir@univsul.edu.iq Sarkar.saeed@univsul.edu.iq
[١+٢] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە بنەما و دیدگاکانی پەروەردەی ئاکاریی لە چوارچێوەی فەلسەفەی (بێرتراند ڕاسل)دا دەکۆڵێتەوە و تیشک دەخاتەسەر ئاکار و پەروەردە لە کۆمەڵگادا، هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی بیرکردنەوەی ئازاد دەکاتەوە وەک بناغەی گەشەپێدانی ئاکاریی. میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتوە بۆ تێڕوانینەکانی (ڕاسل)، کە پشگیری مۆدێلێکی پەروەردە دەکات، کە تاکەکان لە بیروباوەڕی دۆگمایی ڕزگاردەکات، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و سەربەخۆیی بیر گەشەپێدەدات وەک بنەمایەک بۆ گەشەپێدانی لایەنی مەعریفی سۆزداری و جەستەیی و کۆمەڵایەتی لە پەروەردەکردنی منداڵدا. تێڕوانینەکانی ڕاسل ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە پەروەردەی ئاکاریی ڕاستەقینە لە ژینگەیەکەوە سەرهەڵدەدات کە لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ئازاد تێیدا گەشە دەکات، ڕێگە بە تاکەکان دەدات هەستێکی بەرپرسیارێتی پەرەپێبدەن، کە بە عەقڵ و هاوسۆزی ڕێنمایی دەکرێت نەک دەسەڵاتی سەپێنراو. توێژینەوەکە بە تێکەڵکردنی بۆچونە فەلسەفییەکانی لەگەڵ پراکتیکەکانی پەروەردەیی هاوچەرخدا، تێڕوانینێک پێشکەشدەکەن، کە چۆن بیرۆکەکانی ڕاسل دەتوانن چارەسەری ئاستەنگەکانی هەنوکەی لە پەروەردەی ئاکاریی بکەن لە قۆناغی شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا، کە لە دیدی ڕاسلدا پەروەردەی ئاکاریی لە ساتی لەدایکبونەوە دەستپێدەکات تاوەکو شەش ساڵی، لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەناوەڕۆکی ئەو بوارانە کراوەکە دەبنە بنەمایەک بۆ پەروەردەی ئاکاریی منداڵ. تێکڕای ئەم شێوازە لە پەروەردە جەخت لەسەر پێویستی چوارچێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە و ئاوەزی دەکاتەوە بۆ بونیادنانی کەسێتییەکی بەرپرسیار لە ڕوی ئاکارییەوە لە سەردەمی پێشکەوتنە زانستییەکاندا.

کلیلە وشەکان: پەروەردەی ئاکاریی، بێرتراند ڕاسل، ترس، سزا، بونیادنەری

# Moral Education from the Perspective of Bertrand Russell

**Sarkar Hamarashid Saeed[1] - Niyan Namiq Sabir[2]**

[1+2]Department of kindergarten, College of Basic education, University of Sulaimani, Sulaimani ,Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract.

This paper sheds light on moral education based on Russell's ideas and explores the role of education and morality in society. The descriptive analytical method is used for. It also focuses on freedom of thinking as a foundation for developing morality. Russell follows a method that frees individuals' minds and develops critical and independent thinking as a foundation for emotional, physical, and social cognition in educating children.

According to Russell, actual morality derives from an environment where independent thinking exists and allows individuals to develop a sense of responsibility guided by reason and empathy instead of being imposed by authority.

The study, through a combination of philosophical ideas and modern practical education, proposes an opinion on how Russell's ideas can address current problems of moral education in the first six years of a child's development.

According to Russell, moral education starts from birth until age six. In this study, we clarify the aspects that serve as a foundation for the child's moral education. These aspects are rooted in certain human emotions that actively participate in developing the child's physical and psychological well-being, which relates to their personality in the future.

All in all, this trend in education focuses on a reasoned and logical framework for developing a responsible human personality from the perspective of moral education in the modern world.

**Keywords:** Moral Education, Bertrand Russell, Fear, Punishment, Constructiveness.

**پێشەكی:** شیكردنەوەی شێوازێک لە فەلسەفەی پەروەردە كە ئامانجی بونیادنانی كەسێتی مرۆڤە بۆ ڕوبەروبونەوەی ئەو ئاڵەنگاریانەی ڕوبەروی مرۆڤ دەبنەوە لە سەردەمی زانست و پێشكەوتنە تەكنەلۆژیەكاندا ڕەنگە بەشێكبێت لە پێویستییەكانی پرۆسەی پەروەردە و فێركردن، ئەمەش بە ڕەخساندنی شێوازێک لە پەروەردەی ئاكاریی لە شەش ساڵی یەكەمی تەمەندا وادەكات مرۆڤێک پەروەردەببێت كە خاوەنی بیری ئازادبێت و لە ئاست بەرپرسیاری و پێداویستییەكانی كۆمەڵگادابێت، ئەم شێوازە لە پەروەردەش لە نێو فەلسەفەی پەروەردەی (بێرتراند ڕاسل)دا لە سایەی بونیادنانی شێوازێک لە پەروەردە دەستەبەردەبێت كە كۆكراوەی هەردو جۆری پەروەردەی ئاكاریی و پەروەردەی بیرە. ئەمەش لە پێناو گەیشتنە بەو ئامانجە سەرەكیانەی پەروەردەی هاوچەرخ هەوڵی بۆ دەدات، كە بریتییە لە ئامادەكردنی هاووڵاتی، بێگومان پەروەردەی ئاكاریی ڕۆڵێكی بناغەیی و سەرەكی دەگێڕێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان، لەبەرئەوە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر بوارەكانی پەروەردەی ئاكاریی كە چۆن دەتوانرێت لە ڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەی (بێرتراند

ڕاسل)ەوە گەشە بەو بوارانە بدرێت کە پەروەردەی ئاکاریی لەسەر بونیاددەنرێت، لەپێناو گەشەپێدانی لایەنی جەستەیی، دەرونی، سۆزداری و کۆمەڵایەتی لە کەسێتی مرۆڤدا لە قۆناغی سەرەتای تەمەنی منداڵدا.

**کێشەی توێژینەوە:** بریتییە لە خستنەروی تێگەیشتنێک بۆ پەروەردەی ئاکاریی لە دیدی (بێرتراند ڕاسل)دا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکیانە دەدات. چۆن بیرۆکەکانی (ڕاسل) دەتوانێت چارەسەری ئاستەنگییەکانی بەردەم پەروەردەی ئاکاریی بکات؟ بوارەکانی پەروەردەی ئاکاریی چین؟ گرنگترین ئەو هەنگاوە پەروەردەییانە چین کە دەتوانرێت گەشە بە بوارەکانی پەروەردەی ئاکاریی بدرێت لە ڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەی (بێرتراند ڕاسل)ەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی بەکارهاتوی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری، لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە هەوڵدراوە شیکردنەوەیەک بۆ تێڕوانییەکانی (ڕاسل) بکرێت لە بارەی پەروەردە و ئامانجەکانی پەروەردە و هەروەها بوارەکانی پەروەردەی ئاکاریی.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوە لە(3) تەوەری سەرەکی پێکهاتوە تەوەری یەکەم باسکردنە لە پەروەردە لە دیدی (ڕاسل)دا. تەوەری دوەم بریتییە لە شیکردنەوە و خستنەروی ئامانجەکانی پەروەردە لە نێو فەلسەفەی پەروەردەی (ڕاسل)دا. تەوەری سێیەم کە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکەیە ناوەرۆکی پەروەردەی ئاکاریی بێرتراند ڕاسل لەخۆدەگرێت، کە لە شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدایە کۆمەڵێک بوار لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (ساڵی یەکەم، ترس، سۆزو خۆشەویستی، یاری و ئەندێشە، شێوازی گەشەکردن، خۆپەرستی و خاوەندارێتی، ڕاستگۆیی، سزادان، گرنگی هاوڕێیەتی بۆ منداڵ، پەروەردەی سێکسی، دایەنگە)

**گرنگی توێژینەوە:** دەرخستنی بەهای ئاکار و پەروەردەی ئاکارییە لەم قۆناغەی ئێستای مرۆڤایەتی لەم ڕووەوە خستنەڕوی شێوازێک لە پەروەردەی ئاکاریی، کە لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکان و ئاڵۆزییەکانی سەردەمی جیهانگیری بگونجێت لە پێناو بونیادنانی کەسێتی مرۆڤێک کە لێبوردەیی و زیرەکی و بوێری و هەستیاری تایبەتمەندی بێت گرنگی زۆری هەیە بۆ بونیادنانی جیهانێکی خۆشگوزەران و ئاشتیخواز. لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵدەدرێت لە ڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەی (بێرتراند ڕاسل)ەوە شێوازێکی زانستیانە لە پەروەردەی ئاکاریی بخاتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوە:** گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1. خستنەروی پەروەردەی ئاکاریی.
2. خستنەروی پەروەردە لە دیدی(بێرتراند ڕاسل)دا.
3. دیاریکردنی گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردە لە فەلسەفەی پەروەردەی بێرتراند ڕاسلدا.
4. ڕۆڵی پەروەردەی ئاکاریی لە نێو پەروەردەی(ڕاسل)دا.
5. دیاریکردن و شێوازی گەشەپێدانی بوارەکانی پەروەردەی ئاکاریی لەنێو پەروەردەی(ڕاسل)دا.

## تەوەری یەکەم: پەروەردە لە دیدی (ڕاسل)دا

بۆچونە پەروەردە لەدیدی (بێرتراند ڕاسل)دا لە چوارچێوەی سیاسەت و کۆمەڵگادا ڕەنگدەداتەوە، بەشێوازێک کە ئامانجی سەرەکی پەروەردە ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، ئەم کۆمەڵگایەش کاتێک ڕێکدەخرێت کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا ڕێکخراوبێت لە ڕێگەی جۆرێک لە پەروەردەوە کە بتوانێت ئەرک و بەرپرسیارێتی و سنوری ئازادی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا دیاری بکات.

تێڕوانینەکانی (ڕاسل) لە بواری پەروەردەدا و ئامانجەکانی لەم بوارەدا تەنها لە یەک وشەدا سنوردار نابێت، کە ئازادییە هەرچەند زۆر وابەستەیە بەم چەمکەوە، بەڵام بۆ ئامانجێکی باڵاتر هەوڵدەدات کە بریتییە لە سیستمی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە ناتوانرێت ئازادی بە ئامانجی سەرەکی (ڕاسل) دابنرێت، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی زۆرجار بە پیلانێکی گەورە لە دژی ئازادی مرۆڤ دادەنرێت، دیارترین ئاماژە کە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە سیستمی کۆمەڵایەتی دژی ئازادی مرۆڤە ئەوەیە، کە هەر کاتێک منداڵێک لەدایکدەبێت، دایک و باوک و بەخێوکەرەکانی نوقمی دەکەن لە کولتوری ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی، بەردەوام فێریدەکەن باوەڕ بە چیبکات و چۆن ڕەفتار بکات، بەبێ گوێدانە دروستی ئەو بیروباوەڕانە یان ڕاستی ئەم ڕەفتارانە. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە ئەوە نییە کە باوەڕەکە دروستە یان ڕەفتارەکە ڕاستە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەمانە بیروباوەڕ و ڕەفتاری باوی کۆمەڵگان. بەم شێوەیە منداڵەکە دەبێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا خۆی بگونجێنێ بە پێچەوانەوە لادان و نائاساییە، ئەو منداڵە شایەنی ستایشکردنە کە نەرم و نیان بێت و ئەوەی فەرمانی پێکراوە ئەنجامی دەدات، و ڕێگە بەخۆی نادات لەگەڵ گەورەکاندا باس لە دروستی و نادروستی ئەو کارە بکات کە فەرمانی پێدەکەن. بەم شێوەیە پرۆسەی پەروەردە دەبێتە بنەمای یەکسانی ئەم منداڵە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتیدا و پابەندبون پێوەی پێش ئازادی مرۆڤ دەکەوێت، کەواتە کاری پەروەردە دەبێتە قۆستنەوەی ئەو منداڵییەی کە تەنانەت توانای پاراستنی خۆشی نییە (شفیق، 1974: 329-328).
ئەم پاساوانە بۆ ئەو تێڕوانینە ئاراستەمان دەکەن کە لە فەلسەفەی پەروەردەی (بێرتراند ڕاسل)دا هەرچەند بە بەردەوامی لە دەوی ئازادی دەسورێتەوە، بەڵام ئازادی ڕەنگە ئامانجە سەرەکییەکەی نەبیت بەڵکو ڕێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی ئامانجی سەرەکییە، ئەمەش وەک یەکێکە لە سیماکانی فەلسەفەی پەروەردە کە ئامانجی پەروەردە بریتی دەبێت لە ئامادەکاری کۆمەڵایەتی لە پێناو بونیادنانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی(میالاریە، 184:1985).

بێگومان هۆکاری ئەم تێڕوانینانەی پەروەردەی (ڕاسل) سەرباری ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ لەسەر تێڕوانینەکانی بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە بۆچونەکانی لەبارەی پەروەردە و سیستمی کۆمەڵایەتی و ئازادی لەسەر بنەمای پاشخانێکی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بونیادنراوە، بەو پێیەی تیۆرییەکانی لەسەر پەروەردە لە ڕەخنەگرتنەوە لە تیۆرییە پەروەردەییەکانی پێشو دەستپێدەکات، کە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردو زاڵبوەکاری بۆ بونیادنانی کەسایەتی منداڵ تەنها کردنی بوە بە وەرگرێکی زانیاری ئامادەکراو(محجوبة،2023 : 43).

پاشان (ڕاسل)ئاماژە بەوە دەدات کە کێشەی سەرەکی لە پەروەردەدا ئەوەیە کە پەیوەندی مرۆڤ وکۆمەڵگا دەبێت چۆن بێت. لە لایەکەوە ئەو منداڵەمان هەیە کە دەمانەوێت پەروەردەی بکەین و لە لایەکی دیکەشەوە ئەم مرۆڤەمان هەیە کە کێبڕکێ دەکەن بۆ دەستبەسەرداگرتن و ئاراستەکردنی بیرکردنەوەکانی بۆ گونجانی لەگەڵ کۆمەڵگادا. کەمترین شت کە دەتوانرێت لە پەروەردەدا بکرێت ئەوەیە کە کەسێتی و ئازادی مرۆڤ کەم نەکەینەوە تەنها ئەو لایەنە نەبێت کە هاووڵاتیبونەکەی پێویستی پێیەتی(شفیق، 1974: 329)

هەرچەند لە ڕوانگەی (ڕاسل) سیاسەت وابەستەیە بە کۆمەڵگا نەک بە مرۆڤەکانی کۆمەڵ، بەڵام بەوپێیەی سیاسەت بریتییە لەو هەڵچونانەی کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا پێکەوە هەستی پێدەکەن(عبید،2017: 186-185)، ئەو پایە گرنگەی کە سیاسەتی لەسەر بونیاتدەنرێت بریتییە لە هاوکاریکردنی یەکدی(ڕاسل، ب.س: 206)، لەبەرئەوە پرۆسەی پەروەردە وابەستەی سیاسەت دەبێتەوە کاتێک (ڕاسل) ئەم چەمکانە وابەستە دەکاتەوە بە ئازادی مرۆڤەوە، بەو ئامانجەی مرۆڤێکی ئازاد کۆمەڵگایەکی ئازاد بونیاد دەنێت، ئەمەش تەنهاو تەنها لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا دەستەبەر دەبێت، چونکە پەروەردە لای (ڕاسل) بەشدارە لە بونیاتنانی مرۆڤێکدا کە ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگا و بیروباوەرە

ئاكارییەكاندا یەكدەگرێتەوە(عوض،ب.ت: 100). چونكە (ڕاسل) ئاكار بە لایەنێكی بەهێز دەزانێت،كە هەڵسوكەوتی مرۆڤ جڵەوگیر دەكات هەروەها دەبێتە ئامرازێك بۆ باشتركردن و ڕێكخستنی ژیانی مرۆڤ(Maclver،1964: 9). ئەم تێروانینە بۆ كۆمەڵگاو مرۆڤ دەبێتە بنەمای سەرەكی هزری پەروەردەیی شیكاری، كە بە توێژینەوە لە پەروەردە لە هەمو لایەنەكانەوە دەست پێدەكات، لەسەر بنەمای ڕونكردنەوەی چەمك و زاراوەكان بۆ دیاریكردنی واتاكانیان و سنوردارکردنیان بەشێوەیەكی ورد. كە پاڵپشتی دەكرێن بە تیۆرە زانستییەكان بەو گریمانەو بەڵگە زانستیانەی لەسەری دامەزراوە، لەبەرئەوەی ڕاستی و دروستی و گونجانی لەگەڵ دەرەنجامە زانستییەكاندا ماناكان دیاری دەكرێت.

(ڕاسل) پێیوایە پەروەردە پێویستییەكی ڕاستەقینەی بە فەلسەفەی شیكاری هەیە چونكە دەیەوێت گەشەیەكی هاوسەنگ لە پرۆسەی پەروەردەدا بەدەستبهێنێت كە لە هۆكارەكانەوە دەستپێبكات و بە ئەنجامەكان كۆتایی بێت، پێویستە بە پەرۆشەوە كار بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان بكەن (الشمري، ب.ت: 649)، ئەم تێروانینەی (ڕاسل) بۆ پەروەردە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت هەمو كێشەیەكی فەلسەفی وەک كێشەیەكی شیكاری لێیدەڕوانێت سەبارەت بە پەروەردەش (ڕاسل) دەڵێت:''بە درێژایی ئەو قۆناغەی كە بە پلەی یەكەم سەرقاڵی لۆژیكی بیركاری بوم، هەروەها زۆر حەزم لە پرسە كۆمەڵایەتییەكان بو''(ڕاسل، 223:2008)، دەتوانین وای دابنێین كە پەروەردە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە بواری كۆمەڵایەتیدا لە دیدی (بێرتراند ڕاسل)دا، لەبەرئەوە سەركەوتنی پرۆسەی پەروەردە سەركەوتنی بونیاتنانی كۆمەڵایەتییە بە گشتی كەمەبەستی سەرەكی (بێرتراند ڕاسل)ە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە سەركەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی سەركەوتنی پێكهاتەی كۆمەڵایەتییە بە گشتی.

هەروەها (ڕاسل) وای دەبینێت كاری پەروەردە پاراستن و ڕێكخستنی سنوری ئازادییە لە نێوان ئازادی بۆ مرۆڤ تاوەكو توانای داهێنانی بۆ فەراهەم بكات، لە بەرامبەریشدا پێویستی دەسەلاتێكە كە سیستمی دەوڵەت ڕێكبخات. كەواتە مرۆڤ كار بۆ ئازادی خۆی دەكات هەروەها ملكەچبونی پێویستیشی هەیە بۆ دەسەڵات لەم بارەیەوە دەڵێت:'' پەروەردە دو ئاماجی هەیە، كاملكردنی ئاوەز و ئامادەكردنی هاوولاتی، ئەسینییەكان تركیزیان كردۆتە سەر ئامانجی یەكەم و ئیسپارتییەكان تركیزیان كردۆتە سەر ئامانجی دوەم(ڕاسل، 223:2008)، ئەم پەروەردەیە دەبێتە هۆكاری بونیادنانی كەسێتی مرۆڤێكی سەربەخۆ و هاوولاتییەک كە خۆی بەخت دەكات لە هەمان كاتدا(محمود، 2020: 94)، (ڕاسل) لەم بارەیەوە دەڵێت:'' مرۆڤی بە ئیرادە ئەو مرۆڤەیە، كە لە پاشەڕۆژدا ببێت بە خزمەتكاری مرۆڤە ئازادەكان، نەک ببێت بە حاكمێكی نایاب بۆ سەرسامبونی كۆیلەكان''(ڕەسڵ، 2018: 88). ئەم تێروانینانەی (ڕاسل) كاتێک ڕون دەبنەوە. كە بتوانرێت سەرنج لەو ڕاستییە بدرێت كە (ڕاسل) جیاوازی دەكات لە نێوان مرۆڤ و هاوولاتیدا، بەتایبەت جیاوازییەكەش لە لایەنی ئاكاریی كەسیدایە. كە لە ژیانی تایبەتیدا ڕوبەروی چالاكییە كۆمەڵایەییەكان دەبێتەوە كە بریتین لە ئاسایش و دادپەروەری و یەكسانی(رسل، 1961: 135-133).

لە ڕوانگەی (ڕاسل)ەوە هۆكاری سەركەوتنی پەروەردە لە كۆمەڵگادا پەیوەستە بە ئازادییەوە لە سەرجەم كایە جیاوازەكاندا، پاشان ئەركی پەروەردەكردن دەكەوێتە سەرشانی خێزان دواتر دەوڵەت، بەچەشنێک پەروەردەكردنی دایكان و باوكان لە سەرەتاكانی تەمەنی منداڵدا وەک هاوكارییەكی زۆرباشی دابینكردنی زۆرشتی باشن بۆ منداڵەكانیان(وهيبة،:2016 43)هاوشێوی زۆریک لە ئەنجامی توێژینەوە پەروەردەییەكان كە ئاماژە بەوە دەكەن كە شێوازەكانی پەروەردەكردنی منداڵ كاریگەرییان لەسەر كێشەكانی ڕەفتاری منداڵان هەیە. بە تایبەتی پەروەردەی دایک و باوک و چاودێریكردنی منداڵەكانیان ڕەهەندی ئەرێنییەكانی نیشان دەدەن بۆ كەمی كێشەی ڕەفتاریان هەبێت (Sanagawi,2018:171). بێگومان ئەم شێوازە لە پەروەردە لە دیدی (ڕاسل)دا پەیوەست بە بەخێوكردنی منداڵ لە

ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا بۆ ڕەخساندنی تەندروستیەکی باش و چاندنی خوە پەسەندەکانە بەشێوەیەکی باش (ڕەسڵ، 2018: 125). بەڵام پەروەردە بە واتا فراوانەکەی ئەرکی دەوڵەتە ئەمەش دوای ئەوەی ئەم دەوڵەتە چاکسازی تەواوی کردبێت لە بوارەکانی ئابوری و سیاسیدا، ئەمەش واتا وئاماژەیە بۆ بونی سیستمێکی نمونەیی لە دەوڵەتدا کە لە ڕوانگەی ڕەسلەوە بریتییە لە سیستمی دیموکراسی کە تیایدا باشترینی سەرجەم شتەکان ئامادەدەکرێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی پەروەردە و فێرکردن کە ئامانجی گەیشتنە بە باشترین داهاتو، ئەم تێروانینە ڕەسل ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە دژی سیستمی ئەرستوکراتی بوە و پێیوابوە کۆمەڵگا بەرەو لایەنی نەرێنی دەبات(وهيبة،:2016 43) پەروەردە لە کۆمەڵکەی دیموکراسیدا دەرفەتی پەروەردە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا بێ جیاوازی چینایەتی و ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان، بێگومان بە ڕەچاوکردنی بنەمای سەرەکی دیموکراسی کە ئازادییە.

(ڕاسل) لە درێژەی تێروانینەکانیدا لە بارەی پەروەردەوە جەخت لە دو خاڵی سەرەکی دەکاتەوە، کە وەک کەموکورتی و هۆکاری لەنگی پەروەردە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا دیاریان دەکات و داوای دورخستنەوەیان دەکات لە پرۆسەی پەروەردەو فیرکردندا ئەوانیش بریتین لە ئاین و سیاسەت، چونکە ڕەسل پێیوایە سیستمی فێربونی خراپ چاک ناکرێت تا گۆڕانکارینەکرێت لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و ئاینیدا، بەپێویستی زانیوە کە ئەرکی فێرکارە هەوڵی دورخستنەوەی ئاین و سیاسەت بدات لە کاتی فێربوندا، ئەمە وادەکات خوێندکار وانەکانی بخوێنێت بۆ پێگەیاندنی خودی خۆی نەک بۆ بۆ بەرژەوەندییەکی تر(وهيبة،:2016 76)وەک ئاشکرایە چەندین ئاینی جیاواز لە جیهان و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بونی هەیە بەهەمان شێوەش چەندین تیۆری سیاسی جیاوازیش بە جیهان و کۆمەڵگاکاندا بڵاوبونەتەوە، هەریەکێکیش لەم ئاین و تیۆرە سیاسیانەش چەندین لق و ڕێبازی جیایان لێوە پەیدابوە کە ئەگەربێت و دورنەخرێنەوەو پەیرەویان بکرێت لە بواری پەروەردەدا دەبنەمایەی کەموکورتی و لەنگی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنداو کاریگەری نەرێنییان دەبێت، هەریەکێک لەو ئاراستانە هەوڵدەدەن پەروەردە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، ئامانجە پەروەردەییەکە وەلادەنرێت کە پێگەیاندنی خودی مرۆڤە لەپێناو خودی خۆیدا. **بەڵکو پەروەردە دەتوانێت** لە ڕێگەی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی لای زۆرێک لە بیرمەندان ئاماژەی پێدەدرێت سیستمکی کۆمەڵایەتی بونیادبنرێت، کە گەرەنتی پێکەوەژیان بکات(Hamafaraj,2022:588)

(بێرتراند ڕاسل) بەپێی ئەو ئامانجانەی پەروەردە هەیەتی پەروەردە پۆلێن دەکات بۆ دو بەش بەگوێرەی تەمەن، لە چەند جێگەیەکدا لە نوسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت:" پەروەردە دو ئامانجی هەیە، لە لایەک پەروەردەکردنی بیر و لە لایەکی ترەوە پەروەردەکردنی هاووڵاتییەکی باش. خەڵکی ئەسینا زۆرتر هەوڵیان بۆ یەکەم دەدا و خەڵکی سپارتا بۆ دوەم. سپارتییەکان سەرکەوتن بەڵام یادی ئەسینییەکان بۆ هەمیشە مایەوە"(ڕەسڵ، 2020: 267)، (ڕاسل) بە گەرانەوە بۆ ئەم نمونەی شیوازەکانی پەروەردەی گریکی هەوڵدەدات چارەسەری ئاستەنگییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بۆ بکات، لە ڕێگەی پەروەردەوە. کە بەهایەکی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، کە پەروەردەی بیرو پەروەردەی جەستەیی پێکەوە لە سیستمێکی دیموکراسیدا هاووڵاتییەکی باش بونیاددەنێت.

## تەوەری دوەم: ئامانجی پەروەردە

گرنگترین ئەو پرسانەی هەمیشە لە نێو پەروەردەدا ڕوبەڕوی پەروەردەکار دەبێتەوە بریتییە لە دیاریکردنی ئامانج لە کاتی وانەوتنەوەدا بێت یاخود دانانی پرۆگرامی قۆناغە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن، ئامانجەکانی پەروەردە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازن، ئەم جیاوازیەش پەیوەستە بەوەی لە

هەمو سەردەمێکدا مرۆڤ ڕوبەڕوی ئاڵنگارییە جیاوازەکان دەبێتەوە. هەر وەکو ئەوەی ئامانجەکانی پەروەردە لە سەردەمی ئێستادا جیاوازن لە سەردەمەکانی پێشو(محجوبة،2023 : 31)، بەڵام ئامانجی پەروەردە لە کۆمەڵگای زانستیدا بریتییە لە دابینکردن و فەراهەمکردنی پەروەردە و فێرکردن بۆ هەردو ڕەگەز بەشێوەیەکی ئاسایی و بەبێ بونی جیاوازی ئەمەش لە پێناو ئامانجێکی تری باڵادایە کە بریتییە لە پەروەردەکردنی مرۆڤ بەشێوەیەک کە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیشتو و هاوئاهەنگی و پێکەوەژیان لەناو کۆمەڵگایەکدا بەدیبهێنێت کە بەها و دابونەریت و سیستمی کۆمەڵایەتی و پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە، لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەکان تاکۆتایی ژیانی بەردەوامدەبێت، چونکە ئامانجی مانەوە و گواستنەوەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

بێگومان زانایان و فەیلەسوفان جیاوازییان هەبوە لە پێناسەکردنی ئامانجەکان، هەندێک ئامانجی پەروەردەیی بە ئامانجێکی کەسی مرۆڤ پێناسەکردوە، هەروەها هەندێکی تریش بە ئامانجی کۆمەڵایەتی دەزانن. بەڵام تێڕوانینی (ڕاسل) سەرباری کۆکردنەوەی هەردو ئاراستەکە ئاماژەی بە بونی چوار تایبەتمەندی یاخود چوار هێزی دیاری کردوە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی گرنگیدان بە نەوەکان لە ڕوی جەستەیی و دەرونی و سۆزدارییەوە پەرەی پێبدرێت، ئەمانە دەبنە بنەمایەکی گرنگ بۆ دو ئامانجی سەرەکی پەروەردە لە دیدی(ڕاسل)دا کە بریتیە لە:

یەکەم: تەواوکاری ئاوەزی بە واتای گەشەپێدانی لایەنی ژیری مرۆڤ.

دوەم: ئامادەکردنی هاووڵاتی.(منى، 2022: 31).

دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی پەروەردە لە دیدی(ڕاسل)دا کاتێک ڕون دەبێتەوە کە سەرنج بخەینە سەر ئەو لایەنەی پەروەردە کە وابەستە دەبێتەوە بە سیاسەت و کۆمەڵگاو ئازادیەوە، کاتێک (ڕاسل) گرنگی بە ئازادی دەدات کە پەیوەندیدارە بە ئازادی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە، بەڵام ئازادی ڕاستەقینە کاتێک دێتە ئاراوە کە کۆمەڵگایەکی ئازاد بونی هەبێت، ئەمەش وابەستەیە بەوەوە کە تا چەند مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا ئازادە، (ڕاسل) بانگەشەی ئازادی ڕەها ناکات بۆ مرۆڤ. بەڵکو پێیوایە کاتێک کۆمەڵگایەکی ئازاد بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤەکانی ئازادبن لە لایەنی بیرکردنەوە(التفكير)، بیروباوەڕ(الاعتقاد) و هەڵبژاردن(الاختيار). کەواتە ئازادین لەوەی ئەو شتانە هەڵبژێرین کە دەمانەوێت فێربین، وەهەر بیروباوەر و تیۆرێک کە دەمانەوێت پابەندبین پێوەی(محمود، 1967: 73)، ئەم جۆرە لە ئازادی دەتوانرێت لە کۆمەڵگادا گەشە بە لێهاتوییەکان بدرێت، ئەمەش پێویستی بەوەیە لە نێو پەروەردەدا کاری بۆ بکرێت، لەبەرئەوە ئامانجی سەرەکی پەروەردە بریتی دەبێت لە بونیاتنانی کەسێتی. کە هێزی چوار توخمە یان چوار سیفەتی بنەرەتییە، بریتین لە: زیندویی، بوێری، هەستیاری و زیرەکی. شەش ساڵی یەکەمی ژیانی زۆر گرنگە سەبارەت بە گەشەکردنی داهاتوی منداڵ. بۆ بەدەستهێنانی زانین و بونیادنانی ئەم چوار هێزە بنەرەتییە(Ghosh, 2016: 300). لە پێناو بونیادنانی جۆرێک لە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا کە مەبەستمانە بەختەوەر یان تەندروست یان زیرەک یان جەنگاوەربێت، ئەمەش بە کاریگەری دانان لەسەر حەزەکانی و گۆڕینی ئاکاریی مرۆڤ دەستەبەر دەبێت (ڕەسڵ، 2017: 207-206)، بێگومان ئەم چوار سیفەتە سەرەکییەش، کە (ڕاسل) ئاماژەی پێدەکات لە پەروەردەی ئاکاریی سەرەتای منداڵیدا کار بۆ بونیادنانی دەکرێت لە قۆناغی سەرەتای پەروەردەی منداڵ.

**ئەم چوار هێزەش بەم شێوەیە دەردەکەون لە کەسێتی مرۆڤدا:**

**زیندویەتی (الحيوية Vitality):** زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی تاکە کەسی. تەندروستی باش زیندویی دەبەخشێت، (ڕاسل) لەم بارەیەوە دەڵێت:''زیندویەتی نیشانەیەکی فسیۆلۆجییە زیاتر لەوەی هۆشمەندی بێت، هەمیشە لەگەڵ تەندروستی

باشدا دەسلەملانە''(ڕەسڵ، 2018: 95)، بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی پەروەردە بریتییە لە پێکهێنانی تەندروستییەکی باش.

**بوێری (الشجاعة Courage):** (ڕاسل) وا بیردەکاتەوە پەرەپێدانی بوێری لە منداڵیدا یەکەم وانەیە کە دەبێت منداڵ فێربکرێت(Ghosh, 2016: 301)، کە بریتییە لە توانای ڕووبەڕوبونەوەی ترسی نائاوەزی، لەبارەی ترسەوە دەڵێت:''ترس وەک نەخۆشی وایە لە گەورەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە"(ڕەسڵ، 2018: 99)، ترس هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤ شکۆمەندی خۆی لەدەستبدات.

**هەستیارێتی (الحساسية Sensitiveness):** (ڕاسل) بەم شێوەیە مەبەستەکەی بۆ هەستیاری ڕون دەکاتەوەو دەڵێت:" من مەبەستم سۆزە یان هەست، یان جۆش و خرۆشە، ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی تیۆری ڕوتی بکەین، کە دەڵێین ئەو کەسێکی هەستیارە، واتە کەسێکە هەستەکانی بەزۆر بابەت دەبزوێت، بەڵام بە گشتی ئاکارێکی باشی نییە، بۆ ئەوەی بە ئاکارێکی پەسەند هەستیار بێت، پێویستە وژاندنی بۆ باباتێک بێت کە شایستەبێت"(ڕەسڵ، 2018: 106).

**زیرەکی (الذكاء Intelligence):** گەشەپێدانی زیرەکی گرنگترین تایبەتمەندی کەسێتی مرۆڤە، کە لە پرۆسەی پەروەردەیە بایەخی پێدەدرێت، بریتییە لە حەزی دۆزینەوە، بەڵام دەبێت ئەوە ڕونبکرێتەوە کە زیرەکی بەبێ پێدانی زانیاری و ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە زانین نایەتە ئاراوە، کەواتە زیرەکی ئاماژەیە بۆ زانینی ڕاستەقینە کە پەیوەندییەکی نزیکیاین هەیە بە وەرگرتنی زانیارییەوە(Furgeson, 1931: 6). بەڵام جۆرێک لە زانیاری کە یارمەتیدەربێت بۆ بەدەستهێنانی چاکەکاری زانستی کە خۆی دەبینێتەوە لە بیری کراوە، ترکیز، وردبینی، قبوڵکردنی زانیاری لە سەرچاوەو بۆچونە جیاوازەکان تا ئەوکاتەی ڕاستی و دروستیان دەسەلمێندرێت(شیخة و عبدالله، 1995: 231).

### تەوەری سێیەم: پەروەردەی ئاکاریی:

پەروەردەی ئاکاریی بریتییە لە فێرکردنی بەها و فەزیلەتەکان کە توانای جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە بەرزدەکەنەوە و ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان بەپێی پێوەرەکانی ئاکاریی(سلمان،2018: 78).

(ڕاسل) پێیوایە ئاکار کۆمەڵێک بنەمای گشتییە، کە یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی ئەو یاسایانەی، کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕێکدەخەن. ئەرکی ئاکار بە مانا فەلسەفییەکەی ئەوە نییە، کە چۆن بۆ مرۆڤی دیاری بکات دەبێت لە هەندێک بارودۆخدا چۆن هەڵسوکەوت بکات، چونکە ئەو جۆرە هۆشیارییە ئەرکی بانگەوازی ئایینییە و زۆرێک لە بوارە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەیە. بەڵام بنەماکانی ئاکار کە بڕیارە فەلسەفە دایبمەزرێنێت، جێگیر و گشتگیرن. یاسا ئاکارییەکان هەرچەندە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگۆڕدرێن، لەبەرامبەردا بنەماکانی ئاکار بە مانا فەلسەفییەکەی خۆیان سەلمێنراوتر و گشتگیرترن لە یاساکانی ئاکار. بە واتایەکی دیکە بنەماکانی ئاکار مانای ئەو پابەند بونە ئاکارییەکە کردەوەکانی مرۆڤ دەکات بە چاکەکارییەک کە جێگیرە و لە هیچ بارودۆخێکدا گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەم چاکەکارییە بریتییە لە دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ئارەزوە دژبەیەکەکاندا. بنەمای ئاکاریی باڵا بریتییە لە ئەنجامدانی ئەوکارەی کە هەماهەنگی لە نێوان کۆمەڵگادا دروست دەکات نەک ناتەبایی نێو کۆمەڵگا. (ڕاسل) بۆگەیشتن بەم بنەما ئاکارییە جێگیرە دو ڕێگا دیاری دەکات:

یەکەم: دروستکردنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە یارمەتیدەربێت لە دروستکردنی هەماهەنگی نێوان مرۆڤەکان بۆ ئەوەی هیچ بوارێک بۆ ململانێ نەمێنێتەوە، ببێتە بنەمایەک بۆ بڵاوبونەوەی ئاشتی لە جیهاندا.

دوەم: شێوازێکی پەروەردەکردن کە هاندەربێت بۆ ئەوەی هاوولآتیان لە بەدیهێنانی ئارەزوکانیاندا لەگەڵ یەکدی ناکۆک نەبن.

ڕێگای یەکەم پەیوەندی بە سیاسەت و ئابوریەوە هەیە و ڕێگای دوەمیش پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە (شفيق، 1974: 336-332)، کە لە نێو پەروەردەی (ڕاسل)دا لە ڕێگەی پەروەردەی ئاکارییەوە فەراهەم دەکرێت بۆ کۆمەڵگا.

بەشی یەکەمی پەروەردە کە پەروەردەی ئاکارییە لە سەرەتای لەدایکبونەوە دەست پێدەکات هەتاوەکو تەمەنی شەش ساڵی. (ڕاسل) زۆر گرنگی بەم قۆناغە دەدات ڕەخنەی ئەوەش لە پێشینەکان دەگرێت کە لەپێشدا گرنگی بەم قۆناغەی منداڵی نەدراوە هەتاوەکو کاتی قسەکردن، بەڵام (ڕاسل) دەڵێت:'' سەردەمی ساوایی تا دەگاتە تەمەنی شەش ساڵ، بۆ ئەوەیە ئەم خوە جوان و پەسەندانە لە گەورەبونیدا ببێت بە بنەمایەک بۆ ئاکاریی پەسەند و مرۆییانە''(ڕەسڵ، ب.س: 125).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردە لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە کاردەکات بۆ پالآوتنی ڕەفتاری منداڵ لە ساڵی یەکەمەوە تا تەمەنی پێش چواردە ساڵ، و چونکە ئەرکەکانی پەروەردە لەم قۆناغەدا بریتییە لە ڕاهێنانی منداڵ بە هەوڵە پەروەردەییەکان کە دەبێت منداڵ پەیڕەوی بکات، وەک فێربونی ڕێساکانی ڕەفتار و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و زانیاری کە لەگەڵ مەیل و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەودا بگونجێت. لێرەدا ڕۆڵێک دێتە ئاراوە کە خێزان و دایک و باوک ئەوەی دەیانەوێت بۆ منداڵەکانیان لە ڕوی گەشەکردن و هێز و تەندروستی و سەرکەوتن و بونیاتنانی خوەکان لە سەرەتای شیرپێدانەوە دەست پێدەکات، هەروەها پێویستە منداڵ لەم تەمەنەدا ئاشنا بێت بە دەوروبەرەکەی، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتوی.

(ڕاسل) پشتی بەو بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە دروستانە بەستوە کە لەناو منداڵدا گەشە دەکەن وەک هاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی یارمەتیدان و هاوڕێیەتی، ئەم بەهایانە بە ڕۆحی هاوکاری لەلای منداڵ دەناسرێتەوە، دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ بونیادنانی پەروەردەی ئاکاری لە قۆناغی سەرەتای منداڵیدا، کە لە ڕێگەی فێربونی منداڵەوە بۆ ڕەفتارە گونجاوەکان ئەم بەهایانە گەشە دەکەن. دەبنە یارمەتیدەری گەشەی منداڵ لە لایەنی جەستەیی و سۆزداری و دەرونی. هەروەها وادەکات پرۆسەی پەروەردەکردن وردە وردە دەستکەوت بەدەستبهێنێت، بەرەو یەکەم ئامانجی پرۆسەی پەروەردەکردن کە ئامادەکردنی مرۆڤە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە، هەروەها ئامانجی بنەڕەتی و ستراتیژی ئامادەکردنی مرۆڤیش بریتییە لە بونیادنانەوە و نوێکردنەوەی کۆمەڵگا(الشمري، ب.ت: 651).

(بێرتراند ڕاسل) بۆ گەشەکردنی ئەم بەهایانەو گەیشت بەو ئامانجانە، لە پەروەردە ئاکارییەکەیدا کۆمەڵێک لایەن دیاری دەکات بەپێی جیاوازی تەمەنی سەرەتایی منداڵ .کە پێویستە لە قۆناغی ساوایی منداڵەوە کاری بۆ بکرێت ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: ساڵی یەکەم The first year**

(ڕاسل) زۆر گرنگی بە تەمەنی شیرەخۆری منداڵ دەدات هەر لە ساتی لە دایکبونیەوە، چونکە شێوازی پەروەردەکردنی لەم تەمەنەدا کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی داهاتوی منداڵ، لەبەرئەوە کاتێک (ڕاسل) باسی گرنگی ئەم قۆناغە دەکات سەرەتا بە ڕەخنەگرتن لە شێوازی هەڵەی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی ساوادا دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە لە پێشودا بەهۆی گوێنەدان بەشێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە ساوایی و شیرەخۆریدا ڕێژەیەکی هەڵکشاو لە منداڵەکانیان دەمردن یاخود دوچاری تەندروستی ناجێگیر دەبون، لە بەرامبەردا شیوازی بەخێوکردنی زانستی دەتوانێت

ڕێگری لە مردنی منداڵ بکات سەربارى ئەمەش منداڵان لە ڕوی جەستەیی و ئاوەزیشەوە تەندروست دەبن(Russell، 1948: 70-69).

(ڕاسل) بۆ شێوازی پەروەردە کردنی منداڵ لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک زانیاری بەسود دەخاتەڕو لە بارەی یەکەم سروشتی منداڵ لەم قۆناغەدا، دوەم وەک ڕێنمایی تایبەت بۆ دایک و باوک چونکە پەروەردەکردنی منداڵ لەم قۆناغەدا لە نێو خێزاندایەو لە ئەستۆی دایک و باوکە.

منداڵ لەم قۆناغەدا فێڵی لەوە زیاترە کە بیری لێدەکرێتەوە، هەوڵدەدات بەگریان ئەوەی دەیەوێت بۆی دابینبکرێت، ئەم خوەی تێدا گەورە دەبێت، لەکاتی گەورەبونیدا کاتێک ناتوانێت بەگریان شتەکانی بەدەستبهێنێت توشی سەرسورمان دەبێت، ئەمانە دەبێتە خوی نابەجێ لە گەورەبونیدا. بۆیە دەبێت بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکرێت"کە منداڵ توشی ئازاربو پێویستە لە ئامێز بگیرێت...بەڵام ئەگەر بەبێ هۆ کەوتە گریان و هاوارکردن باشترە لێیبگەڕێیت و بۆخۆی بگری و هاوار بکات''(ڕەسڵ، 2018: 127).

منداڵ لەگەڵ ئەو واقعە نوێیەی تێیدایە نەگونجاو نارازییە، نابێت ئەمە وامان لێبکات بە سۆزدارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، چونکە لە ژینگەو ژیانی پاشەڕۆژدا ئەمەی بۆ مسۆگەر نابێت توشی دڵەراوکێ دەبێت و دەبێتە مشەخۆرێکی تەمەڵ. بەڵکو بناغەی دروست ئەوەیە زەمینە بۆ چالاکییەکانی خۆش بکەین، خۆی هەوڵبدات و چێژ وەربگرێت نەک بەسەریدا بسەپێندرێت، ئەمەش دەچێتە شێوازی پەروەردەی هاندان و پاڵنەر بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و دەبێتە چەکێکی بەهێز بە دەستی دایک و باوکەوە بەشێوازی پیاهەڵدان و ڕێزگرتن وەک ئەوەی خاوەنی پێگەیەکی گەورەبێت لەم دونیایەدا(ڕەسڵ، 2018: 135-138).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی (ڕاسل) دەیەوێت ئاگادارمان بکاتەوە کە منداڵ لەم سەرەتایەی تەمەنیدا خوی جێگیری نییە بەڵکو ئەوەی ئەنجامی دەدات تەنها غەریزەی منداڵە بۆ نە گونجاوی لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەی تێیدایە لە دوای لەدایکبونی، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدابکرێت تاوەکو ئەو غەریزانە و مامەڵەی نەگونجاوی دایک و باوک و بەخێوکەر نەبێتە هۆکاری ئەوەی خوی ناپەسەندی تێدا گەشە بکات و دواجار ئاستەنگی بۆ دروست بکات.

**دوەم: ترس Fear**

(ڕاسل) زۆر بە وردی کاری لەسەر(ترس) کردوە لە پەروەردەکەیدا بەو پێیەی وابەستەیە بە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەدەکەیەوە بە تایبەتی بە بوێری زیندویەتی مرۆڤەوە، چونکە ئەم شێوازە پەروەردەیە بۆ بەدیهێنانی کەسێتی مرۆڤ و بیری ئازاد تێدەکۆشێت، لەبەرئەوەیە هێندە گرنگی بە ترس دەدات چونکە پێی وایە شکۆمەندی مرۆڤ لەدەست دەدات وادەکات کەسێتییەکی لاوازی هەبێت.

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم لایەنە دەکرێت بڵێین (ڕاسل) جیاوازی لە نێو واتای ترسدا دەکات ئەوانیش ترسی سروشتی وەک بینینی ئاژەڵێک، ترسی دەستکرد وەک ئەو جۆرە ترسەی،کە لە پزیشکێک دەترسێت(رسل، 1960:182)، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە کۆمەڵێک شت هەیە لە ژیاندا شیاوی ئەوەیە کە بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆ نمونە دەڵێین شێر مەترسیدارە، ئەمە ترسێکی ئاوەزییە مرۆڤ بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بەڵام ئەوەی (ڕاسل) دژایەتی دەکات بریتییە لە ترسی نا ئاوەزی بەرجەستەنەبو، بە ڕونی هەوڵی ڕوبەڕوبونەوەی ئەم جۆرە لە ترس دەدات. پێیوایە ئەم جۆرە ترسە وەک نەخۆشی وایە خۆرسک و زگماک نییە لە منداڵدا بەڵکو بەدەستهاتوە وەک نەخۆشی لە گەورەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەوە(ڕەسڵ، 2018: 99-98). بەڵام سەرباری هەمو ئەوەی تارادەیەک ئاماژەی پێدارا (ڕاسل) پێیوایە نابێت ئەم ترسە نابەجێیانە فەرامۆش بکرێت، بەڵکو وردەوردە هەوڵبدرێت

ترسەکان بڕەوێندرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە دیدی (ڕاسل)دا بۆ زاڵبون بەسەر ترسدا کۆمەڵێک ڕێکار پەیرەو دەکرێت، کە دەکرێت بە دو بەشەوە، بەشی یەکەم و سەرەتای پرۆسەی ڕوبەڕوبونەوەی ترس بۆ دایک و باوک و کەسانی بەخێوکەر و مامۆستاکانە، بەشی دوەم یاخود هەنگاوی دواتر بەشی زۆرینەی بۆ منداڵ دەگرێتەوە.

بەوپێیەی (ڕاسل) چەندین جار ئاماژەی بەوە داوە کە ترس و تورەیی دو سۆزی هاوشێوەن ئازایەتی لە مرۆڤدا ناهێڵن، بەتایبەت ترس وەک نەخۆشییەکی گوازراوەیە لە گەورەوە بۆ منداڵ. کەواتە دەبێت سەرەتا کار بۆ ئەوە بکرێت ترس لای گەورەکان نەهێڵدرێت بۆ ئەم مەبەستە پێویستاین بە ڕاهێنانە تاوەکو ئازابن(ڕەسڵ، 2018: 99). بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن مامەڵە لەگەڵ ترسدا بکەین، چۆن بتوانین ئەو ئازایەتییەی (ڕاسل) ئاماژەی پێدەدات بەدەستیبهێنین لای بەخێوکەران و مامۆستاکانیشیان. بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە چەند ستراتجێک دەکات:

یەکێک لەو ستراتیجیانە بریتییە لە نەرمی و کارامەیی لە کاتی ترسناکییەکاندا، ئەم لایەنە چۆن بۆ گەورەکان بۆ مامەڵە لەگەڵ ترسدا ئاوەزی و گرنگە، بە هەمان شێوەش بۆ منداڵان گرنگە بۆ نمونە (ڕاسل) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:''ڕۆژێکیان کاتێک لە کەناری لێژاییەکی گەورە دانیشتبوین، لەسەرخۆ بۆ منداڵەکەمان باسکرد کە ئەگەر لێرەوە بکەویتە خوارەوە تێکدەشکێیت، هەروەک چۆن دەفرێک بەرییتەوە تێکدەشکێت. ماوەیەک بێدەنگ بو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت(کەوتنەخوارەوە! تێکشکان!) دواتر گوتی با دوربکەوینەوە لەم کەنارە ترسناکە''(ڕەسڵ، 2018: 147)، ئەمە ستراتیجی نەرمی و کارامەییە بۆ مەمەڵەکردن لەگەڵ ترسدا.

ڕێگایەکی دیکە بۆ ڕوبەڕوبونەوی ترس بریتییە لە چالاکی دەست و بەرجەستەکردنی، (ڕاسل) بۆ ئەم مەبەستە سود لە شیکاری دەرونییەکانی وەرگرتوە، کە ئاماژە بەوە دەکەن یەکێک لە ڕێکارەکانی بەرەنگاربونەوەی ترس بریتییە لە چالاکی دەست و بەرجەستە. لەم ڕێگەیەوە ئەو ترسانەی لای منداڵ دروست دەبێت دەرەوێتەوە بەو پێیەی (ڕاسل) دەڵێت" چالاکی دەست و جەستە شارەزاییەکی بەنرخە، ڕێزلەخۆگرتن و هەوڵدان پێکەوە چالاک دەکات، پلە بە پلە لە ترسەوە دەمانگەیەنێت بە کارامەیی'' (ڕەسڵ، 2018: 154). ئەم تێروانینەی (ڕاسل) لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو بابەتانە وەک ترس لای منداڵ دەردەکەوێت گەر بێتو لەڕێگەی ئەم ستراتیجەوە هەوڵی ڕەواندنەوەی بدرێت دواجار لەجیاتی ترس دەبێتە بابەتێکی چێژ بەخش بۆ منداڵ. بۆ نمونە کاتێک منداڵ لە ئاژەڵێکی ماڵی دەترسێت گریمان ئەو ئاژەڵە (کەروێشک) بێت، کاتێک دەستی لێدەدات و بەرجەستە دەبێت ئەم ترسەی دەگۆڕێت بۆ ئەزمونێکی چێژ بەخش. کە منداڵ زۆر سودی لێدەبینێت.

ڕێگایەکی دیکە کە کاریگەری لەسەر کەمبونەوەی ترس دەبێت بریتییە لەودۆخە کۆمەڵایەتییەی بۆ منداڵ دروست دەبێت لە کاتی تێکەڵاوبونی بە منداڵانی دیکە، تیشک دەخاتە سەر گرنگی هاوتەمەنەکانی منداڵ کە کاریگەری زۆری دەبیت لە لایەنی هەستیاری و بوێرییەوە یارمەتی منداڵ دەدات وەک پاڵنەرێکی لێدێت بۆ منداڵ کە ئەو ترسانەی هەیەتی بڕەوێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا (ڕاسل) ئەوەش بەگرنگ دەزانێت کە منداڵ تێکەڵاوی منداڵ لە خۆی گەورەتر بکات بۆ وەرگرتنی خوە جوان و پەسەندەکان لەم بارەیەوە دەڵێت:" تاتەمەنیان نزیکتربێت لەیەکترەوە باشترە، بە تایبەت لە تەمەنی چوارساڵییەوە. پەیوەستبونی منداڵی تەمەن بچوک بە منداڵی تەمەن گەورەوە پەیوەسترە لە پەیوەستبونی فێرخواز بە مامۆستاوە''(ڕەسڵ، 2018: 226).

### سێیەم: یاری و ئەندێشە Play and fancy

یەکێک لەو پێناسانەی بۆ پەروەردە دەکرێت لە دیدی (ڕاسل)دا بریتییە لە:"ڕەنگرێژکردن و چاندنی خەون و ئومێدەکان و گەشەپێدانیان"(ڕەسڵ، 2018: 170)، بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی گرنگی پەروەردەی ئاکاریی وابەستە دەکات بە یاریکردنی منداڵ و ئەندێشەکردنەکانیەوە چونکە پێداویستییەکی هێزە بنەرەتییەکانی پەروەردەیە کە زیندویەتییە، دەتوانرێت بەهۆیانەوە زۆریک لە خەون ئومێدەکان لە منداڵاندا گەشەپێبدات. ئەم تێڕوانینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. کە یاریکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە خۆرسکەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ لە بچوکیدا، بەڵام لە مرۆڤدا ئەندێشەکردنیشی لەگەڵدایە. یاریکردن و خەیاڵ لە گرنگترین پێداویستییە گرنگەکانن کە یارمەتی منداڵ دەدەن لە پرۆسەی گەشەکردندا بۆ بەدەستهێنانی لێهاتویی و زانیاری نوێ لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵانەی کە لە ڕێگەی یارییەکەیانەوە وەریدەگرن، لەبەرئەوە پێویستە دەرفەت بۆ یاریکردن دروست بکرێت تاوەکو منداڵەکان بە تەندروستی و بەختەوەر پەروەردە بکرێن، بەبێ گوێدانە بارودۆخەکانیان(منی، 2022: 36)، چونکە منداڵ چێژێکی زۆر لە یاریکردن و ئەندێشەکانی وەردەگرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چێژە بۆ تێرکردنی ویستە خۆرسکەکانی نییە، بەڵکو "منداڵ هێزێکی خۆرسکی تێدایە بۆ فێربون"(ڕەسڵ، 2018: 170).

بێگومان تێڕوانینی (ڕاسل) بۆ یاری و ئەندێشەکردن وەڵامی هەندێک لە دەروونناسان دەداتەوە کە دەیانەوێت سیمبولێکی سێکسی بدەنە پاڵ یاریکردن. بەڵکو خودی یاریکردن ئارەزویەکی منداڵانەیە. کە دەیانەوێت لە تەمەنی خۆیان گەورەتربن، هێز بنوێنن، کەواتە سێکس پاڵنەری یاریکردن نییە، بەڵکو ویستی هێزە لەپاڵ ئەمەشدا چێژ لە دروستکردنی تۆقاندنیش دەبینێت، هەروەها زیاتر حەزی لەو یاریانەیە کە ماسولکەکانیان و هێزیانی تێدا بەکاردێت(رسل، ب.ت.1: 90).

سەرباری هەمو ئەم گرنگیانەی ئاماژەیان پێداوە دەبێت یاریکردن کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەبێت بۆ منداڵ، دەبێت بەشێوازێک بێت کارامەیی لێوە بەدەستبێت چونکە (ڕاسل) پێیوایە کە منداڵان ڕاهێنان دەکەن لە کاتی یاریکردنیان بۆ ئەو پیشانەی لە داهاتودا کاریتێدا دەکەن، لەبەرئەوە وەک مەشق و ڕاهێنان وایە بۆ منداڵان(منی، 2022: 36). هەروەها لە نێو جۆری یارییە وەرزەشییەکاندا دەبێت ڕەچاوی ئاکارو ڕەوشت بکرێت چونکە ئەگەربێت ئەم لایەنە ڕەچاو نەکرێت زیانی بۆ منداڵ دەبێت و زیرەکی کەم دەکاتەوە. هەروەها هەرچەندە منداڵ ویستی هێزی هەیەو چێژ لە تۆقاندن دەبینێت، بەڵام نابێت باسی ئەفسانە و دێو و جنۆکە و لەم جۆرە بابەتانەی بۆ بکرێت، چونکە ترس لای منداڵ دروست دەکات کاریگەری دەبێت لەسەر بوێری منداڵەکە. لەبەرامبەردا یاریکردن و خەیاڵکردن دەبێتە پاڵنەرێکی گەشەکردنی ئاکاریی بۆ منداڵ ئەزمونی کەوتن و ئازار لە منداڵدا تاقیدەکاتەوە تارادەیەک کە لە ئەنجامدا منداڵ فێری خۆراگری ببێت(ڕەسڵ، 2018: 175-174).

## چوارەم: بونیادنەری Constructiveness

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردەی (ڕاسل) بریتییە لە لایەنی هەستیاری لە مرۆڤدا، بێگومان لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵگادایە کە ئامانجی هەمو پرۆسەیەکی پەروەردە ئامادەکردنی مرۆڤە، هەستیاریش وەک ئامانجێکی سەرەکی لە ڕێگەی گەشەپێدانی نێو پەروەردەی ئاکاریی (ڕاسل) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت بۆ ئامادەکردنی مرۆڤێک وادەکات دانایی ببێتە بەشێک لە کەسێتی. ئەمەش ئەنجامی پەروەردە و گەشەپێدانی دەرونی و جەستەیی و کلتوری و کۆمەڵایەتییە.(منی، 2022: 36).

لەبەرئەوە تێڕوانینی (ڕاسل) بۆ ئاکار لە نێو ڕێبازە زانستییەکەیدا پێویستی بە تێگەیشتنە لە پەیوەندی هەست و سۆز و ئارەزووەکانی مرۆڤ هەروەها پەیوەندیان بە ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بکرێت و ئاراستە بکرێت بەرەو چاکە و چاکەکاری، ئەوا پێویستی گەشەپێدان لە نێوپەروەردەدا دەردەکەوێت لە لایەنەکانی دەرونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە(عويصة، 1993: 20).

کارکردنی (ڕاسل) بۆ گەشەپێدانی منداڵ لە پێناسەی منداڵەوە سەرچاوەدەگرێت،کە دەڵێت:"بونەوەرێکی زیندوی نەرمونیانی ناسکە، کارکردن لەسەر ئەم بونەوەرە پێویستی بە نەرمی و سۆز هەیە، بۆیە کاتێک دەمانەوێت منداڵ گەشە بکات پێویستە دەرفەتی بدەینێ و هەوڵی ئەوە بدەین بە نەرمی پەراوەی پێبکەین"(ڕەسڵ، 2018: 189).

بۆ ئەم مەبەستەش (ڕاسل) کۆمەڵێک هەنگاو دیاری دەکات کە دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە منداڵ گەشە بکات، کۆی هەنگاوەکان بە پاڵپشتی ئەو ویستی هێزەیە کە لە منداڵدا خۆرسکانە بونی هەیە و خۆشی لە کارامەیی و سەرکەوتنەکانی دەبینێت، بێگومان زۆرکات لە ڕێگەی یاریکردنەوە دەتوانین ئەو هەنگاوانەی مەبەستمانە ویستی هێزی منداڵی تێدا بەرجەستە بکەین.

بەر لە هەر شتێک ڕێزگرتنی پێویستە تێدابچێندرێت ئەویش بە ڕێزگرتنی بەرهەمی کەسانی تر و پاڵنەری پشودرێژی و خۆراگری، کاتێک ئەم ئامانجە دەتوانرێت بەدیبهێنرێت کە بتوانین ڕق لای منداڵ نەهێڵین، ئاسانترین ڕێگەش بۆ ڕیشەکێشکردنی دڵڕەقی کوێرانە ئەوەیە کە بتوانین ئەو لایەنە بدۆزینەوە کە منداڵ گرنگی پێدەدات و دەخوازێت دروستی بکات. کاتێک توانرا ئەم هەنگاوانە لە پەروەردە کردنی منداڵدا جێبەجێ بکرێت توانای چاودێریکردنی لایەنە باشەکانی ژیانی لا دروست دەبێت(ڕەسڵ، 2018: 184-183)، کەواتە ئەم گەشەپێدانە دەبێتە لایەنێک، کە گەشە بە هەستیاری منداڵ بکات و هەست و سۆزەکانی بۆ لایەنە باشەکانی ژیان دەوروژێت.

**پێنجەم: خۆپەرستی و خاوەندارێتی Selfishness and property**

یەکێک لە پاڵنەرە بە هێزەکانی هەڵسوکەوتی منداڵ بریتییە لە خۆپەرستی، هەندێک لەو خۆپەرستیانە خۆرسکییەو زۆرینەشیان پەسەندنین، لەم دۆخەدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە بەرهەڵستی ئەو سروشتەی منداڵ نەکەین و لەهەمان کاتیشدا نابێت فەرامۆش بکرێن چونکە دەرونی مرۆڤ وەک گاز وایە بەردەوام دەکشێت گەر ئاستەنگی دەرەکی بۆ دانەنرێت، ئامانجی پەروەردەش لەم دۆخەدا دانانی ئەو ئاستەنگییە دەرکیانەیە لەسەر خو بیرکردنەوەو مەیل و هۆشی منداڵ دەردەکەون(منى، 2022: 36). لەبەرئەوەشە (ڕاسل) بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە دانانی ئە ئاستەنگیانە نابێت بەشێوەی لێدان و سزابێت بەڵکو پوختەی بیرۆکەکە بریتییە لە دادپەروەری نەک قوربانیدان بە خود، واتە لە بیرو هۆشی منداڵدا پێویستە دادپەروەری بچێنرێت نەک فێری ئەوە بکرێت قوربانی بەبەشەکەی خۆی بدات(ڕەسڵ، 2018: 193-192).

کەواتە چارەسەری پێویست بۆ چەسپاندنی دادپەروەری لە هۆش و بیری منداڵدا بریتییە لە تێکەڵاوبونی لەگەڵ منداڵانی تر تاوەکو فێری گوێڕایەڵی و ئەرک و ماف بکرێت و نابێت منداڵ ماوەیەکی زۆر بەتەنهابێت و تێکەڵاوی منداڵانی تر نەبێت، ئەمە وای لێدەکات هەمو شتێکی بۆ دەچێتە سەرو هیچ مانایەکی دادپەروەری لەلا نامێنێت. هەستی خاوەندارێتی(حاسة الملكية) پەیوەندی توندوتۆڵی بە دادپەروەرییەوە هەیە کە پێویستە ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە لێسەندنەوەی هێزی خاوەندارێت لە منداڵ کارێکی ژیرانە نییە بگرە ترسناکیشە(منى، 2022: 37). بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکرێت لە پەروەردە کردنی منداڵدا:

١. نابێت منداڵ بێبەشبێت و خاوەنی شتی تایبەت بە خۆی نەبێت، ئەمە وای لێدەکات بەرچاو تەنگ بێت.
٢. دەرفەت بەمنداڵ بدرێت خاوەنی شتی تایبەت بەخۆی بێت، ئەمە خۆشەویستی تێدا دەچێنێت، بەتایبەت کاتێک فێری ئەوەبو شتەکانی خۆی بپارێزێت. منداڵ بەمە بەختیار دەبێت، پاشان بەخشندەو دەست و دڵ فراوان دەبێت. بەڵام ئەگەر بێبەش کرا دڵرەق و نابەخشندە دەردەچێت و توشی ئازار و پەژارەدەبێت و فێری ئاکاریی بەسەند نابێت، بەڵکو لەرێگەی خۆشبەختی و بەختەوەرییەوە فێری ئاکاریی پەسەند دەبێت(ڕەسڵ، 2018: 201).

## شەشەم: ڕاستگۆیی Truthfulness

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردە بریتییە لە ڕاستگۆیی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، کە بۆ چاکەکاری ئاراستەی دەکات. بەشێوەیەکی گشتی ڕاستگۆیی بریتییە لە گونجانی دەربڕینەکان لەگەڵ واقیعدا بەپێی بیروباوەڕی قسەکەر(صليبا، 1385، 723). بەڵام لە دیدی (ڕاسل)دا سەرباری ئەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکی پەروەردەی مۆدێرن بریتییە لە ڕاستگۆیی، ئاماژە بەوەش دەدات کە ڕاستگۆیی تەنها گونجانی دەربڕینەکان نییە لە گەڵ واقع بەڵکو پێویستە ڕاستگۆیی لە بیرو هزریشدابێت، بۆ نمونە کەسێک درۆ دەکات و هەست دەکات کە درۆ دەکات، باشترە لەوەی درۆ دەکات و خۆی دەخەڵەتێنێت و لە وەهمێکدا دەژی.

کارکردن بە ناڕاستگۆییانە، بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ترس، واتە ئەوە ترسە بوە بە سەرچاوەی ناڕاستگۆیی. منداڵی نەترسێنراو ڕاستگۆ دەردەچێت، هەروەها گەر بە ڕاستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵدابکرێت لەگەڵ کەسانی نەناسراویشدا سروشتێکی بوێری دەبێت. منداڵ لە بچوکیدا نازانێت درۆکردن چییە، بەبیریدا نایەت کامە ڕاستەوە کامە درۆیە، ڕەنگە درۆکردنەکانی شتێکی وەرگیراوبێت لە گەورەکانەوە، کاتێک درکی بەوەکرد درۆی لەگەڵ دەکەن وا هەست دەکات ترسێک لە پشتی ئەم درۆکردنەوە هەیە، بۆیە کاریگەری لەسەر منداڵەکە دەبێت و دەست دەکات بە درۆکردن(ڕەسڵ، 2018: 201-202). پێویستە لە کاتی بڕیاردا بەسەر منداڵدا وریابین لە کاتی وەڵامدانەوەیاندا، گەورەکان وا دەزانن دەیزانن بەڵام لە بنەڕەتدا درۆ ناکات بەڵکو نایزانێت، چونکە هەستی زانین و جیاکردنەوەی کات لای منداڵ ئاڵۆزە، تا دەگاتە تەمەنی چوار ساڵی دوێنێ و هەفتەیەک لەمەو پێش لێک جیاناکەنەوە، هەروەها هەندێک جار بەپێی تۆنی دەنگی کەسی بەرامبەری وەڵام دەدەنەوە، ترس لەو وەڵامدانەوانەدا کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ڕاستگۆیی منداڵ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێویستە گەورەکان بە هیچ شێوەیەک درۆ لەگەڵ منداڵدا نەکەن تاوەکو فێری درۆ نەبێت(محجوبة، 2023: 54). سەرباری هەمو ئەمانە (ڕاسل) ئاماژە بە کۆمەڵێک ڕێکار ئاماژە پێدەدات بۆ زاڵبون بەسەر درۆکردن لای منداڵ، گرنگترینیان لابردنی ئە پاڵنەرانەیە کە دەبنە هۆی درۆکردنی منداڵ ئەوانیش بریتین لە ترس و درۆکردن لەگەڵ منداڵ، پێویستە دایک وباوک بەخۆیاندا بچنەوە نەک تاوانبارکردنی منداڵ و پێداگریکردن مەبە بە هەرەشەو سزادانی منداڵ. ئەگەر جارێکی تر وا بکەیت لێت دەدەم! ئەگەر هاتو جێبەجێت نەکرد ڕێزت لای منداڵ نامێنێت. شتێک بڵێ کە بتوانرێت جێبەجێبکرێت. نابێت منداڵ بە شتە بێ گیانەکان بترسێندرێت. هەروەها پێویستە منداڵ پێیدا هەڵبدرێت کاتێک ڕاستگۆیە لە بیرو هزری ڕۆژانەیدا(ڕەسڵ، 2018: 206-207) بۆئەوەی ڕاستگۆیی لەلای بچەسپێت.

## حەوتەم: سزادان Punishment

(ڕاسل) ڕەخنە لە شێوازەکانی پەروەردەکردنی پێشو دەگرێت لە بارەی بەکارهێنانی سزاوە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ، هەروەها ڕەخنەش لە(ژان ژاک ڕۆسۆ 1778-1712) دەگریت، کە دەڵێت لێگەڕێن سروشتی منداڵ خۆی چۆنە پێویستە لەرێگەی پەروەردەی نێگەتیڤەوە کە ئامانجی پاراستنی سروشتی پاکی مرۆڤە پەروەردە بکرێت(قەرەچەتانی، 2016، 22)،

بەڵام سزادانی منداڵ هەر هەبوە دەکرێت بڵێین بەشێوەی سروشتی. سەربارى ئەم ڕەخنانەی (ڕاسل) شێوازی پەیڕەوکردنی سزای (مدام مۆنتسۆر 1870-1952) بە پەسەند دەزانێت، کاتێک دەیبینی منداڵەکە بە ئەنقەست هاوتەمەنەکانی بێزار دەکات، بەو شێوەیە سزای دەدا کە یارییەکانی لێ قەدەغە دەکرد(محجوبة،2023 : 55-54). بەشێوەیەکی گشتی لە پەروەردەی (ڕاسل)دا سزادان لە پلەی دوەمدایە بایەخێکی ئەوتۆی پێنادات هێندەی ئەوەی ڕەتی دەکاتەوە، بە تایبەت ئەو سزایانەی کە توندوتیژی و لێدانی تێدابێت بەڵکو لە بەرامبەر سزادا (ڕاسل) ئاماژە بە ستایش و سەرزەنشتکردن دەکات کە دو جۆری سزان، بەڵام پێویستیان بە جۆرێک لە ئاگادارییە وەک:

یەکەم: لە کاتی ستایش و سەرزەنشتکردنی منداڵدا نابێت منداڵ بەراورد بکرێت بە منداڵی دیکە.

دوەم: پێویستە بەکارهێنانی سەرزەنشتکردن کەمتربێت لە ستایشکردن، نابێت سزاش درێژە بکێشێت.

سێیەم: پێویستە ستایشکردن لەبەرامبەر ڕەفتاری ڕەوادابێت، لەپای ئەنجامدانی ئەرکە قورسەکان بێت(ڕەسڵ، 2018: 216-217).

## هەشتەم: گرنگی هاوڕێیەتی بۆ منداڵ Importance of the other children

هاوڕێیەتی و تێکەڵاوبونی منداڵ یەکێکە لە گرنگترین شتەکان کە یارمەتیدەرە لە پەروەردەکردنی منداڵ تاوەکو بوێری بەدەستبهێنێت، بەهاوکاری هاوتەمەنەکانی فێری دادپەروەری و دەستپاکی و ڕاستگۆیی زۆر شتی تر دەبێت(منی، 2022: 38). هەندێک بابەت منداڵ ئەگەر یارمەتیشی نەدرێت فێری دەبێت، بۆ پێکهێنانی ڕەفتاری ئاکاریی دروست، بەڵام هەندێک بابەتی دیکە ناتوانرێت بەبێ یارمەتی هاوتەمەنەکانی فێری ببێت، ڕەنگە ئەم تێکەڵاوبونە لە مانگەکانی سەرەتایساڵی یەکەمدا پێویست نەبێت هێندەی ئەوەی لە ساڵەکانی دواتردا پێویستی دەبێت(محجوبة،2023 ، 55). بە تایبەت (ڕاسل) جەخت لەسەر منداڵی تەمەن سێ ساڵ تا شەش ساڵ دەکات کە ئاکارەکان لە منداڵانی لە خۆیان گەورەترەوە فێردەبن، منداڵ لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەی کەسانی دەوروبەری فێری ڕێزدانان و شکۆدانان دەبێت. بەتایبەت لە تەمەنی چوار ساڵیدا زیاتر لە مامۆستاکانی لە منداڵی تەمەن گەورەتر لەخۆیەوە فێردەبێت. سەرباری ئەمانە (ڕاسل) ئاماژە بە خێزانی بچوک دەکات کە دەڵێت نیشتیمانێکی لاوازە بۆ فێربونی منداڵی بچوک لە منداڵی گەورەترەوە لەبەرئەوە گرنگی باخچەی منداڵان بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم لایەنە زۆر گرنگە(ڕەسڵ، 2018: 223-222).

## نۆیەم: سۆز و خۆشەویستی Affection and sympathy

لە دیدی (ڕاسل)دا خۆشەویستی و زانین دو بنەمای سەرەکین بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، خۆشەویستی لە پەروەردەدا خۆی دەبینێتەوە لە مامەڵەی گونجاوی دایک و باوک و بەخێوکەر لەگەڵ منداڵ لەپێناو گەشەپێکردنیان کە خۆشەویستییەکی باش بەرهەمدەهێنێت، خۆشەویستی نابێت وەک ئەرک دەربکەوێت، بەڵکو دەرەنجامی هەوڵ و ماندوبون و باشییەکانە وا لە منداڵ دەکات کە خۆشەویستی لای گەشەبکات(منی، 2022: 56). سەرباری ئەوەی تارادەیەک وەک گرنگی خۆشەویستی لە پەروەردەدا ئاماژەمان پێداوە لە پەروەردەی (ڕاسل)دا بۆ ئەوەی خۆشەویستی بچێتە خزمەتی پەروەردە ئاکارییەکەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە زانین و زانستێکی گشتی هێز بە ئاکاریی پتەو چەسپاو دەدات، لەبەرئەوە گرنگە هەرکاتێک زانینێک یاخود زانستێک فێری منداڵ دەکرێت ئاگاداری هەندێک لایەن بین تاوەکو لەڕێگەیانەوە منداڵ بتونێت گەشە بکات نەک بەپێچەوانەوە. بۆ نمونە نابێت دڵڕەقی و شەڕو شۆڕو جەنگەکان لە تەمەنێکی سەرەتادا، هەروەها ئەو ڕوداوانە بۆ منداڵ باس بکرێت کە لەگەڵ تاوانلێکراودایە نەک تاوانبار، پێویستە

سۆزی بۆلای لایەنی ستەملێکراو ڕابکێشرێت. زیاتر لە هەمو ئەمانە کاتێک چیرۆکێک یان ڕوداوێک بۆ منداڵ باس دەکرێت نابێت هەوڵبدرێت لایەنە شاراوەکانیشی بۆ شیبکرێتەوە، بەڵکو ڕێگە بە منداڵەکە بدرێت خۆی بیر لەو لایەنە بکاتەوە و دیوە شاراوەکانیان هەڵبهێنجێت(ڕەسڵ، 2018: 250-248).

(ڕاسل) لە جۆرەکانی خۆشەویستیدا ئاماژە بەوە دەکات. کە باشترین جۆری خۆشەویستی ئەو جۆرەیە کە ڕەگەزی ترسی تێدانییە، ئەم جۆرە بەختەوەری دێنێتە ئاراوە. کە ئەنجامی فەراهەمکردنی ئازادی و ژینگەی میهرەبان و دڵنەرمییە وایان لێدەکات لە خودی خۆیانەوە دەبنە هاورێی ئەو مرۆڤانەی وەڵامدانەوەی ئەرێنیان هەیە بۆ خۆشەویستییەکەیان، کەواتە خواستی متمانە و خۆشەویستی پاساوی بۆ دروست دەبێت. کە گرنگترین و بەبایەخترین ئەنجامە لە پەروەردەی ئاکاریی ڕاست و دروست و بەنرخدا(ڕەسڵ، 2018: 253-252). هەروەها لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی ببێتە سەرچاوەی متمانەبوخۆبون لەبری ترس و بێ ئومێدی ئەوا پەیوەستە بە ڕادەی ئەو سۆزو خۆسەویستییەی پێمان دەدرێت نەک ئەوەی دەیبەخشین بە بەرامبەرەکانمان، دەبێتە هۆکاری هەستی ئارامی و دڵنیایی. ئەو خۆشەویستییەی لەلایەن دایک و باوکەوە بە منداڵ دەدرێت و منداڵ بە یاسایەکی سروشتی دەزانێت هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر بونیادنانی کەسێتی منداڵ، لەبەرامبەردا ئەو منداڵانەی بە هەرهۆکاێک بێت لە سۆزی دایک و باوکی بێبەشکراوە دەبیتە مرۆڤێکی ترسنۆک و ملکەچ(ڕەسڵ، 2019: 212-210).

## دەیەم: پەروەردەی سێکسی Sex education

پرسی پەروەردەی سێکسی بە بابەتێکی هەستیار دادەنرێت، ڕەخنەی (ڕاسل) لە سەردەمەکانی پێشو دەگرێت کەبابەتی سێکس بە خورافات و قەدەغەکراو مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا پێویستە گرنگی بە پەروەردەی سێکسی بدرێت چونکە بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشتی مرۆڤ و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی ئاکاریی و دەرونی منداڵدا لەبەرئەوە پێویستە لە چوارچێوەی پەروەردەی ئاکارییدا بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بکریت(Russell،1932: 117).
بەڵام سەرباری ئەمان ڕەخنە لە شیکارییە دەرونییەکان بەتایبەت فرۆیدییەکان دەگرێت لەبارەی تێڕوانینەکانیان بۆ حەزە سێکسییەکان منداڵ، بەڵکو بە تێڕوانینی بوێری ئازایەتی ناوەرۆکی ئەم بابەتەیە. ئاماژە بەوە دەکات کە حەزە سێکسیەکان بەشێوەیەکی سروشتی لە ماوەی ساڵی سێیەمدا دەستپێدەکات ئەویش لە ئەنجامی هەستکردن بە جیاوازی جەستەی کوڕ و کچ و جەستەی منداڵ و گەورە، ئەم حەزانەی منداڵ لە دیدی (ڕاسل)دا هێندە مەترسیدارنین، بەڵکو بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. لەسەرەتادا پێویستە دایک و باوک و خوشک و براکان، بەرێکەوت بە ڕوتی منداڵ دەیانبینن بە ئاسایی وەریبگرن هیچی لێنەشارنەوە، تاوەکو ئەو هەستەی لا دروست نەبێت کە ڕوتی کارێکی نابەجێ و قەدەغەکراوە، دواتر خۆی تێدەگات کە کەس حەزناکات بە ڕوتی دەربکەوێت(ڕەسڵ، 2018: 257). وا باشترە هەندێک دەرفەت بقۆزرێتەوە کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا منداڵ بە ئاسایی و سروشتیدا یەکتر و دایک و باوکیان ببینن بە ڕوتی ئەمە دەبێتە هۆکارێک لە تەمەنی دواتردا ڕوتی بۆی نابێتە پرسیار. ئیدی دەکرێت ئەم دۆخە لە کاتی سەیرا و چونە دەرەوەی شاردا ڕوبدات بەتایبەت لەم کاتانەدا کە بەرکەوتنی تیشکی هەتاو کاریگەری باشی هەیە(رەسڵ، 2021: 113)

(ڕاسل) دو بنەمای سەرەکی دادەنێت بۆ پەروەردەی سێکسی منداڵ. کە بریتین لە:

یەکەم: وەڵامدانەوەی ڕاستگۆیانە.

دوەم: زانیاری دەربارەی سێکس وەک زانیارییەکانی تر لێیبڕوانرێت(ڕەسڵ، 2018: 258-257).

(ڕاسل) لەم دو بنەمایەدا مەبەستییەتی کە سەرباری ڕاستگۆیی لە وەڵامدانەوەی پرسیاری منداڵ، پێویستیشە وەڵامەکان کاڵ و کرچ نەبن، بۆ ئەوەی منداڵ هەست بە نیگەرانی نا ئارامی نەکات و بەدوای وەڵامدا بگەرێت لە کەسانی ترو هاورێکانی کە ڕەنگە ئەو وەڵامانەی دەستی دەکەوێت وەڵامی ڕاست و دروست نەبن، ئەگەر توانرا بەپێی ئەم دو بنەمایە وەڵامی منداڵ بدرێتەوە لە هەر تەمەنێکدابێت، ئەوا ئاکارێکی بەهێز و زیندوی لەلا دروست دەبێت.

**یازدە: دایەنگە The nursery school**

(ڕاسل) لە پەروەردەکەیدا زۆر گرنگی بە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن دەدات، بەتایبەت دایەنگەو باخچەی منداڵان، چونکە وای دەبینێت خێزان ڕەنگە نەتوانێت ئەو شێوازە زانستییە لە پەروەردە بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن بە تایبەت لە شەشساڵی سەرەتای منداڵدا، بێگومان لە پێناو ئەوەدا کە منداڵ بەو خوانە پەروەردەبکرێت کە لە پاشەرۆژدا سودمەند و بەختەوەربێت. ئەم ئەرکەش بەشی هەرەزۆری زیاتر لە دایک و باوک کاری فێرگەیە. بە تێڕوانینی بێرتراند (ڕاسل) کاری دایەنگەو باخچەی منداڵانە بتوانێت شێوازێکی پەروەردەی زانستی مۆدێرن دەستەبەر بکات. بە تایبەت دایەنگە دەتوانێت پەروەردەیەک لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ منداڵان دابین بکات. کە لە توانای خێزاندا نییە دابینیبکات.

سەرباری ئەمانەی تارادەیەک ئاماژەی پێدراوە (بێرتراند ڕاسل) گوزارشت لە چەند لایەنێک دەکات کە گرنگی پەروەردەی لە ساوایەتی و سەرەتای منداڵدا:

١.سەرەتای منداڵی لە لایەنی پزیشکی و دەرونیەوە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە.

٢.هاوسەنگی لە نێوان جێبەجێکردنی داواکارییەکان و سزادانی منداڵدا.

٣.فەراهەمکردنی کارامەیی هونەری.

٤.هاوسەنگی لە نێوان خواردن و یاریکردن، لە نێوماڵەکاندا منداڵ زۆر دەخۆن و کەم یاری دەکەن.

٥.هاورێیەتی هاوتەمەنەکانی خۆیان.

٦.سرینەوە و کاڵ کردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان.

ئەمانە کۆمەڵێک لایەنی گرنگن کە لە توانای پەروەردەی خێزانیدا نییە فەراهەمیان بکات، بەڵکو دایەنگەو باخچەی منداڵان تاکە ڕێگەی بونیادنانی شێوازی پەروەردەو فێرکردنی پێشکەوتوە. کە ئاوێتەی زانست و خۆشەویستییە دەستەبەری دەکات(ڕەسڵ، 2018: 270-264)، لەبەر ئەم هۆکارانە (ڕاسل) جەخت لە گرنگی ڕۆڵی دایەنگە و باخچەی منداڵان دەکات بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە پەروەردەکردنی منداڵدا دروست دەبێت.

**ئەنجام:**

١. فەلسەفەی پەروەردەی(ڕاسل) لە چوارچێوەی سیاسەت و کۆمەڵگادایە، بەشێوازێک کە ئامانجی سەرەکی پەروەردە ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، لە ڕێگەی جۆرێک لە پەروەردەوە کە بتوانێت ئەرک و بەرپرسیارێتی و سنوری ئازادی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا دیاری بکات.

٢. ئامانجی سەرەکی پەروەردەی(ڕاسل) بریتییە لە بونیادنانی ئاوەز و ئامادەکردنی هاووڵاتی، ئەم ئامانجانەش کاتێک بەدیدەهێنرێت کە پەروەردە بتوانێت تایبەتمەندییەکانی بوێری و هەستیاری و زیرەکی و زیندویەتی لە کەسێتی مرۆڤدا بونیادبنێت.

٣. پەروەردەی ئاکاریی (بێرتراند ڕاسل) جەخت لەسەر گرنگی بونیادنانی زیرەکی و هۆشمەندی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە کەسێتی مرۆڤدا دەکاتەوە. هەروەها ترس و سزا وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ گەشەپێدانی ئاکاریی ڕەتدەکاتەوە، لەبری ئەوە بانگەشە بۆ بەهێزکردنی ئەرێنی و هاوسۆزی و تێگەیشتن دەکات. بەتایبەت لەم لایەنە سەرەکیانە کە بریتین لە:

٤. ڕەخنەی (ڕاسل) لە پەروەردەی بنەمادار بە ترسە، بەڵکو جەخت لەسەر پێویستی سیستەمی پەروەردەیی دەکاتەوە کە هاندەری بڕیاردانی ئاکاریی بێت لە ڕێگەی تێگەیشتن و زیرەکی و مهرەبانیەوە.
٥. هاوڕێیەتی و سۆز ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پەروەردەکردنی بەرپرسیارێتی ئاکاریی، (ڕاسل) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی پاڵپشتی سۆزداریدا پەروەردە دەکرێن، ئەگەری زیاتریان هەیە کە هاوسۆزی و هەستکردن بە دادپەروەری و گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی زیاتر لایان گەشە بکات.
٦. (ڕاسل) لە پەروەردەی سێکسی منداڵدا ئاشکرا و ڕاستگۆیانە جەخت لەسەر گرنگی پێشخستنی هەڵوێستی تەندروست زانستی و ڕێزدارانە و ڕاستگۆیانە بەرامبەر بە پەروەردەی سێکسی منداڵ دەکاتەوە.
٧. (ڕاسل) بانگەشە بۆ تێپەڕاندنی خۆپەرستی دەکات لە ڕێگەی بەرپرسیارێتی و دادپەروەریەوە، لە هەمان کاتدا خاوەندارێتی وەک چەمکێکی هاوبەش سەیر دەکات کە دەبێت هاندەری دادپەروەری و هاوکاری کۆمەڵایەتی.
٨. هزری پەروەردەیی (ڕاسل) شێوازێکی گشتگیرە بۆ پەرەپێدانی کەسێتی بەرپرسیار لە ڕوی ئاکارییەوە کە هاوسۆزی، عەقڵ و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە پێشینەی ترس و پاوانخوازی دادەنێن.

**ڕاسپاردەکان:**

١. دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستە هاوشان و پرکەرەوەی ئەو پێداویستیانەبن، کە لە ناو خێزان ناتوانێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دابین بکرێت، لە پێناو پەروەردەیەکی تەندروستی نەوەکان لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی زانستی یەکانگیرو سەرکەوتو.
٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ ڕەچاوکردنی چەند خاڵێک لە کاتی دانانی پرۆگرامەکانی باخچەی منداڵان، کە لە ناوەرۆکدا زیاتر جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەو لێهاتویی و چالاکی و شارەزاییانەی، کە پەرە بە پەروەدەی ئاکاریی دەدەن لە سەرەتای تەمەنی منداڵدا.

**سەرچاوەکان:**


ڕاسل، بێرتراند، (ب. س) ڕەوشت و سیاسەت لە کۆمەڵگای مرۆیدا، وەرگێڕانی: بەهرام محمد- کاکل، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕەسڵ، بێرتراند، (2018). دەربارەی پەروەردەکردن، وەرگێڕانی: جیهاد محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
ڕەسڵ، بێرتراند، (2017) ئایین و زانست، وەرگێڕانی: حوسێن حوسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
ڕەسڵ، بێرتراند، (2021) هاوسەرایەتی و ئەخلاق، وەرگێڕانی: دڵشاد خۆشناو، ئاسۆ ئیسلامپەنا، چاپی دوەم، چاپخانەی فێربون، هەولێر.
قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (2016) سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دوەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
بیرتراند، رسل،(2008) النظرة العلمية. ترجمة: عثمان نويه، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر.
بيرتراند، رسل، (1960) الفلسفة بنظرة علمية، تلخيص و تقديم زكي نجيب محمود، مكتبة أنجلو مصرية القاهرة.
الشمري، هشام محمد، (د.ط) فلسفة التربية عند بێرتراند رسل، جامعة بغداد، الكلية التربية- ابن رشد، قسم العلوم التربوية و النفسية.
بيرتراند، رسل، (1960) الفلسفة بنظرة علمية، تلخيص و تقديم زكي نجيب محمود، مكتبة أنجلو مصرية القاهرة.
بيرتراند، رسل، (د.ط.1) في التربية، ترجمة: سمير عبده، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت.
سلمان، يوسف(2018) أسس التربية الأخلاقية، دار الفكر العربي.
شفيق، محمود عبدالرزاق، (1974) الاصول الفلسفية للتربية(فلاسفة التربية من سقراط الى بێرتراند رسل)، الطبعة الاولى، دار البحوث العلمية، القاهرة.
شيخة، عبدالمجيد عبدالتواب و عبدالله، شيخة، (1995) بێرتراند راسل فيلسوفا ومصلحا ومربيا، كلية التربية، العدد ١٢، قطر.

صليبا، جميل، (1385) المعجم الفلسفي، الجزء الاول، الطبعة الاولى، المطبعة سليمانزاده.
عويصة، كامل محمد، (1963) بێرتراند رسل فيلسوف الأخلاق و السياسة، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
محمود، محمود، (١٩٦٧) تربية الفرد وتربية المواطن. الفكر المعاصر.
منى، خميس، (2022) فلسفة التربية عند بێرتراند راسل، رسالة ماجستر، جامعة قاصدي مرباح- ورقلة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.
محجوبة، قلود، (2023) مفهوم التربية عند بێرتراند راسل،رسالة ماجستر، جامعة ابن خلدون- تيارت، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.
ميالاريه، غاستون، (1985) مدخل الى التربية، ترجمة: نسيم نصر، الطبعة الرابعة، منشورات عويدان، بيروت.

Furgeson, E.H, (1931) *A critical appreciation of the ethics of Bertrand Russell* (Doctoral dissertation, Boston University).

Ghosh, B, (2016) Educationist Bertrand Russell. *International Journal of Innovative Research and Advanced Studies (IJIRAS)*, 3(12).

Hamafaraj, N.J, (2022) The Problem of Religion in the Political Philosophy of 'Thomas Hobbes'. *Journal of University of Raparin*, 9(5), pp.588-601.

MacIver, D.A, (1964) *Bertrand Russell on moral education*. University of Alberta, Department of Education Foundation.

Russell, B, (1932) *On education*. First edition. Printed in Great Britain by Unwin Brothers Ltd.

Russell, B, (1948) *Education and the social order*. Tenth impression. Printed in Great Britain by Unwin Brothers Ltd.

Sangawi, H., Adams, J. and Reissland, N, (2018) Effects of parental intervention on behavioural and psychological outcomes for Kurdish parents and their children. *Eastern Mediterranean Health Journal*, 24(5).